# خەونەکانی ئێمەیان دۆڕاند

**کارمەند بەکر**
Karmand83atv@yahoo.com

شانزە ساڵ تێپەڕی بەسەر ڕاپەڕینی جەماوەری گەلەکەمان ، کە لە ساڵی 1991 جەماوەر دەسەڵاتی فاشستی بەعسی خستە بەر ڕقی خۆی و ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە زلهێزەی ڕاماڵی کە بە کودەتا حوکمی گرت بووە دەست و بە دڕندانەترین شێوە دەسەڵاتی بەڕێوە دەبرد .

جەماوەر و پێشمەرگە و هەموومان پێکەوە ، خەونمان هەبوو سیاسی ئابوری کۆمەڵایەتی نەتەوەی و .... بەڵام ئەم خەون و ئومێدانەی ئێمە لە سایەی ئەم دەسەڵات و حوکمەتۆچکانەی لە کوردستان بەرهەم هاتن هەمووی هەر خەو بوون و بە خەوی مانەوە .

بڕیار نەبوو کە لەخەو هەستاین خەونەکانمان بووبن بە ڤێلا و ئێمەش تا بینەقاقامان چوبێتینە زەلکاوی ڕەش و ڕووتی و هەژاری و فرکە فرکی خەمی ژیانمان بۆی ململانێی مانەوە بکەین نەك خۆش گوزەرانی ، کوا ئێمە لەگەڵ شەهیدان پەیمان بوو بەو دەستەی فیشەکی دەنا بە دوژمنەوە دەستی دوژمن بگرین و بیهێنینەوە سەر ئەو خاکەی کە سەدان ڕۆڵەی خوێنیان بەخشی بۆ ئەوەی پۆستاڵەکانی پێی دوژمن پێیدا نەڕۆن ، کەی ئێمە وتمان بە دوای بەنزین و گاز و نەوت و غازدا ڕائەکەین ، نیشتیمان لەبەردەم هەزاران گەنجی ئەم کوردستانە ناشرین ئەکەین و ئەیان کەینە قوربانی دەستی قاچاخچی و جەندرمە و نیشتیمان دەکەینە دۆزەخێك بۆ یان و دەیان کەینە قوربانی سنور و ڕێگای هات و نەهات .

ئێمە ڕانەپەڕین بۆ ئەوەی لە بەردەم فتیلەی ئەشکەوتەکانەوە بیینەوە لە شار بەدەم چرا بێنەوتەکانەوە ڕۆژ کەینەوە ، نەشمان ووت شەڕی قەندیل و چیای خواکوڕك و مامەندە و شاخەکانی قەرەداخ و پیدەشتی گەرمیان و تەواوی شەڕەکان بگوازینەوە بۆ کلاّو قاسم و تەبکی ئەحمد ئاغا .

لەو دیو سنور و لەکام مەنزڵگاوە وتومانە جارێکی تریش دایك و خوشك و خێزانەکانمان ڕەش پۆش بکەین و کەنگێ قەولمان بوو باوك و دایك جەرگ سوتاو بکەین و کچێك لە نازی براگەورەکەی دابڕێنین و منالێك بێ باوك کەین ، هەرگیز بڕوامان نەبوو جارێکی تر جاسوسی نێو کۆڵان و پۆل و سەفەرەکانمان دروست ببێتەوە و لە دەمی کەس نەهاتە دەرێ کەل و پەل و ئامێرە گران بەهاکان ئاودیوی سنور بکرێن .

هەموان لەگەڵ ئەوە بووین فرە ڕەنگ و فرە دەنگ بین و تاکڕەوی و تاك دەسەڵاتیمان ڕەفز کرد و ئەوەی دوژمنمان بوو لێبوردنمان بۆ دەرکرد بەڵام بەو ڕۆحیەت و گیانەی کە بەئاگا دێنەوە و نابنەوە دوژمنمان و نەك کە بونەوە بە دوژمن چەپڵەیان بۆ لێدەین .

لەکام نوسراوماندا هاتووە هەڵەبجە هەر کەلاوە بێت و قەڵادزێ ساڕێژی حەفتاوچواری نەکرێت و هەولێر زامدار کەین ، بە خەیاڵیشماندا نەهاتووە بەرپرسێك پێمان بڵێت سەگ و ئاژەڵانە لێمان بڕوانێ و بەرپرسێکی تر هەرەشەی دەست برینەوە بکات و ناسنامەی باری شارستانی بەرپرسەکان بوبن بە پاسپۆرت و لەسەر دەنگ و ڕەنگێکی جیاواز دانەمەزرێت و ڕەنگی جلەکانت بۆ دیاری بکرێت و لە فەرمانبەری دەر بکرێیت .

ئاخر ئێمە ڕاپەڕینمان نەکرد بۆ ئەوەی لێمان ڕاپەڕن و بە دۆنم زەوی بکرێتە کۆشك و تەلار و ، سامان و داهاتی کوردستان هاوڵاتیان خۆیان نەزانن چەندە و بە چ شێوەیەك سەرف دەکرێت و بە چ جۆرێك کۆدەکرێتەوە و دەهێنرێت و دەبرێت ، شوێنی نیشتە جێبوون و کارەبا نەبێت ، دەست بگرن بەسەر کۆمپانیا و چەندین ڕێکخرا و هەڵتۆقێنن و

چۆنیان بوێت ئاراستەیان کەن و کەی ویستان کار بکەن و هەر ڕۆژێك ئارەزوتان نەبوو رایان گرن ، بە ناوی بازاڕی ئازاد  خەڵك بچەوسێتەوە و لە ژێر پەردەی ئەمنی قەومی پێنوسەکان پڕ بە گەرویان هاوار نەکەن و نە نوسن دژی ڕۆتین و خزم خزمێنە و گەندەڵی دام و دەزگا و بەپرسەکان .
چاوەڕێی ئەوە نەبوین بەدەم کێشانی جگەرەیەك و وەرەقەیەکی ئەودیو نوسراو  و قەڵەمێکی حیبر لێ بڕاوەوە بنوسین حکومەت وانابێ ، پەرلەمان نابێ بێ هەڵویست بێت و پێش چارەسەر کێشەکانی هاولاتیان خەمی کڕینی ئۆتۆمبێلی ئەندام پەرلەمانەکانی بێت ، دەسەلات ئاوها ناڕوا بەڕێوە ، خۆپیشاندەر با زیندانی نەکرێ ، نوسەر با فێری گەرم کردنی شەڕەکان و  وتەی ناشرین نەکرێ ، منالێ با پێلاوی گەورەکان بۆیاخ نەکا ، هەموو خۆشی داهات و سامان بۆ خۆتان نەبێت و هاولاتیانیش هیچ بە دەستەوە ، کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێت و گەنجەکان مەدەن بە کوشت و مەیانکەنە قوربانی گومرگ و دەسەلات ، لەسەر بەڕێوبەر و وێنەکەی پشتی ، قوتابی و خوێنکار و فێرخواز و قوتابخانە و خوێندنگە ململانێ مەکەن ......... .
ئاخر کەی ڕاپەڕین کرا بۆ ئەوەی لە هەر شارێك حکومەتێك هەبێت ، لە هەر ناوچەیەی یاسایەك دەرچێ ، هەر ئیدارەیەی شارێك بەڕێوە ببات ، ئێمە وتمان یەك جەنگ دەکەین نەك هەمومان جەنگی پەڕۆ بکەین ، وتمان یەك جەژن دەکەین نەك جەژنی شارە و شار ، لەبەرامبەر دوژمن یەك رەنگ و دەنگ بین نەك بەرامبەر یەك دوژمن دەنگ و ڕەنگی جیاوازمان هەبێت ، ئێمە وتمان بۆ داهاتەکان یەك گیرفانمان هەبێت نەك بۆ یەك داهات چەندەها گیرفان ، یەك حکومەت و یەك ئیدارە و یەك وەزیر نەك دوان .
ئێمە ڕاپەڕین بۆ ئەوەی  دۆڵ و شاخەکان ، پێدەشت و ناوچەکان ، بەنزینخانەو و ڤێلاکان ، خانوی قوڕ و کەلاوە و تاسەی جادە و کۆشکەکان  ، سپلێت و زۆپای دار ، مۆلیدەی چوار ئەمپێری و کارەبای فیدەرە بیست و چوار کاتژمێریەکان ، ئۆتۆمبێلی شڕ و مۆنیکاکان ، هەوای پیسی شار و پاك و بێگەردی بەرزایی و باخەکان ، زیان و قازانج و هەموو خۆشی و ناخۆشی ئەم کوردستانە هی هەموومان بێت .
توشی چ شەرمەزاریەك دەبین ئەگەر شەهیدەکانمان کە لە پێناو ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری و دروست بوونی دەوڵەت خوێنی خۆیان بەخشی بۆ چرکەیەك زیندوو ببنەوە و جگە لەوەی کە دەبێت لە ئاستیاندا مل کەچ کەین ئایا دەتوانین بە قسەی بریقەدار وەڵامیان بدەینەوە ، ئەگەر بێت و دادگایمان کەن چەندمان ملمان دەکرێت بە پەتدا و چەندیشمان خۆمان و کردار و قسەمان دەخەنە زبڵدانەوە ، تەنها فریای ئەوەندە بکەوین بڵێن سلاو لە ڕۆحی پاکتان ئەی پەپولەکانی ئازادی و سەربەستی کوردستان و بە خۆشمان بڵێین خەونەکانمان هێشتا هەڵنەساون لەخەو چونکە هەستان و خەوێنرانەوە ، بە ویژدانەوە لە خۆمان بپرسین مێژووی دوای ڕاپەڕین و ئەم شانزە ساڵە ئەوە بوو کە ڕاپەڕینمان بۆ کرد بە دڵنیاییەوە دەڵێین نەخێر  .